# نامەیەكی كراوە بۆ :

## بەرێز جەنابی هەڤال مەسعود بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان

ڕێز و سلاو

دلنیام كە جەنابتان لە ناخی دلتانەوە ئەو كارەی حكومەتی هەرێم بۆ بڕینی ڕێژەی ( ٣٠ ٪) لە مووچەی فەرمانبەران جێ بەجێ ی كردووە پێتان ناخۆشە و ڕەنگە پێشی ڕازی نەبووبن : بەتایبەت كە بەرێزتان تازە لە سەفەرەكەتان گەڕابوونەوە.

هەروەها جەنابتان ئەوەیش باش دەزانن، كە مووچە تاكە سەرچاوەی ژیانی زۆربەی هەرەزۆری فەرمانبەرانە لە كوردستاندا، چونكە ئەوەی هەژار و نەدار نەبێ پەنای بۆ كاری وەزیفی و دامەزراندن لە داوودەزگاكانی حكومەت نەبردووە، جگە لەوەی كە ڕەنگە دەیان خێزانی وا هەبێت تاكە كەسێكیان مووچەخۆری حكومەتە و قەتیش لە ( ٢٠٠ — ٣٠٠) دینار زێتر مووچە وەرناگرێت، كە هەموو ئەو حالەتانەیش وای فەرزكردۆتە سەر هەموو ئەو فەرمانبەرانە ماڵ و كەس و كار و خێزان و منداڵ و دایك و باوكیان بەخێو بكەن، سەرەڕای ئەوەی كە ( ٦٠ ٪) یان لە خانووی بەكرێدان و، ئەمرۆیش لە كوردستاندا تاكە ژوورێك لە ( ٥٠٠) دینار كەمتر بەكرێ نادرێت، لە كاتێكدا لەهەمبەر ئەواندا خەلكانێكی خواپێداو هەن لە بەرپرس و كارمەندانی داوو دەزگاكانی حكومەت بۆ ژەمە خواردنێكی زۆر ئاسایی زۆر زێتر لە مووچەی فەرمانبەرێكی پلە یەك كە لە مانگێكدا وەری دەگرێت خەرج دەكەن ...

دیارە لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا حەز دەكەم بە بەرێزتانی ڕاگەیەنم، كە ئەو كارەی دەرهەق بەو توێژە بەرفراوانەی خەلكی كوردستان لە هەردوو شاری هەولێر و دهۆك ئەنجامدراوە زۆر بێ دیراسەت كراوە و، ئەوەیش كە ئەو پێشنیارەی كردووە بۆ خۆی زۆر تێر و پڕە و هەرگیز ئاگای لە قۆڕە قوڕی سكی خەلكانێكی برسی نییە.

دلنیابن كەسانێك لە وەزارەتی دارایی كاتی خۆی لەسەر هێلكە دزین لە دەواجینێكدا ژنان تێروپڕیان لێداوە و، ئێستاش ئەو هەر ئەوانن ئەو یاسا و ڕێنمایی دارایی بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان دادەڕێژن، كە دلنیام ئەگەر ڕاپرسییەك سەبارەت بەو بەڕێزانە ئەنجام بدرێت مەگەر تەنیا ( ١٠) كەس بە كەسێكی چاك لەقەلەمی بدەن ...

خۆ ئەگەر لەروانگەی ئەوەوە ئەم كارە ئەنجام درابێت كە بەكەمكردنەوەی مووچەی فەرمانبەران بوجەی حكومەت گەشە دەكا و دەبووژێتەوە، ئەوە بە دلنیاییەوە دەلێم لە هیچ ولات و دەڤەرێكی جیهاندا لە هەنگاوی یەكەمدا پەنا بۆ سەرچاوەی ژیانی فەرمانبەر و هاولاتیان نەبراوە و، مووچەی كەسێك لەو توێژە كەم نەكراوەتەوە ئەگەر زێدە نەكرابێ. خۆ ئەگەر باری دارایی كوردستان خراپە و بوجەی حكومەت نالەبارە ئەوە باشتر وابوو سەرەتا بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەست پێ بكرایە :

یەكەم : كەمكردنەوەی مووچە و دەرماڵەی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بەرپرسی لق و ناوچەكان.

دووەم : كەمكردنەوەی مووچەی سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان و كە هەندێكیان ئەوە بۆ ( ١٠) ساڵ دەچێت مانگانە لە ( ١٤ تا ١٦) هەزار دینار وەردەگرن و، ڕەنگە هی وایان هەبێت ئێستا بەفەردە پارەی ئەمبار كردبێت.

سێیەم : كەمكردنەوەی مووچەی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەكەیو وەزیری كاروباری ئەنجومەن.

چوارەم : كەمكردنەوەی مووچەی وەزیران و ئەو مینحەیەی مانگانە بۆیان داندراوە و، كەسیش نازانێ چۆنی ساغ دەكەنەوە، بەلكو هەندێكیان ئەو مینحەیە تەنیا بەسەر خزم و كەس و دەوروبەری خۆیاندا دابەش دەكەن و بەس.

پێنجەم : بڕینی ئەو دەرماڵەیەی بۆ بریكارەكان و بەڕێوەبەرە گشتییەكان براوەتەوە و مانگانە لە وەزارەتی دارایی لە نێوان ( ٢) هەزار تا ( ٤) هەزار دیناریان بۆ خەرج دەكرێت، كە هیچ یاساو ڕێنماییەكی دارایی بۆ ئەم مەبەستە دەرنەچووە.

شەشەم : كەمكردنەوەی خەرجییەكانی ڕۆژانەی داوودەزگاكانی حزبی و حكومی، كەلەشتی زۆر زەروری ڕەت ناكات، بەلێ با پارەكە بۆ شتی زەروری بێت نەك بۆ قاوە و ئاوی حەیات و كێكی ماكینتۆش و چای سارد و گەرم و ساردەمەنی بەشەكر و بێ شەكر و دەعوەت و دەعوەت كاری و زۆر شتی دیكە.

حەفتەم : كەمكردنەوەی سولفەی دیوانی وەزارەتەكان بەرێژەیەكی وا كە بكاتە چارەگێكی جاران.

هەشتەم : کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو هەموو ئۆتۆمبێلانەی لە داوودەزگاکانی حزبی و حکومی دا بەکاردێن، تەنیا ئەوانە نەبێ کەبەکارهێنانیان زەروورییە وەکو : ئۆتۆمبێلی پۆلیس و ئیسعاف و کارەبا و ئاسایش و پێشمەرگە.

نۆیەم : ئەو ئۆتۆمبێلانەی بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆك فەرمانگەکان کراوە بۆ رایی کردنی کاروباری رۆژانەی داوودەزگاکانیان، رێگەیان پێ نەدرێت بەهیچ شێوەیەك دوای دەوام کاربکەن، کەلەوەشدا پارەیەکی یەکجار زۆری خەرجیی رۆژانەیان بۆ بوجەی حکومەت دەگەرێتەوە، بەتایبەتی کە زێتر لە ( ٢٠٠ تا ٣٠٠) ئۆتۆمبێلی لەم جۆرانە هەن.

دەیەم : کەمکردنەوەی خەرجیی بەشێکی پرۆژەکان و، ئەو هەموو دەزگایانەی بۆ کاروباری چاپکردنی کتێب دامەزراون لە هەردوو شاری هەولێر و دهۆك تا ئەو کاتەی بارودۆخ باش دەبێت و، باشتر وایە ئەو جۆرە کارانە بە وەزارەتی رۆشنبیری بسپێردرێن، کە لەم کارەدا زێتر پەیوەنددارە.

یازدەم : وەستاندنی هەموو ئەو گۆڤارو بلاوکراوانەی وەزارەتەکان دەریان دەکەن، بەوەزارەتی رۆشەنبیریشەوە.

دوازدە : ( لە دەزگای گولان) دا رادیۆو تەلەفزیۆن و هەردوو گۆڤاری رامان و گولانی عەرەبی رابگیرێت و، تەنیا هەفتەنامەی گولان دەربچێت، هەروەها گۆڤاری سەنتەری برایەتیش رابگیرێت.

سێزدە : کەمکردنەوەی خەرجیی هەموو ئەو بنکە و سەنتەر و کۆمەلە و رێکخراوە رۆشنبیری و کۆمەلایەتیانەی لە نێو هەردوو شاری هەولێر و دهۆکدا کراونەتەوە، کەبەشێکی زۆریان تەنیا بۆ وەرگرتنی پارە دامەزراون و بەس، بەلکو لەبارگرانکردن زێتر هیچ خێرێکی دیکەیان نییە.

چواردە : وەستاندنی هەموو چالاکییە رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و وەرزشییەکان لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆك، یان کەمکردنەوەی خەرجییەکانیان.

پازدە : ئەو داهێنانەی وەزارەتی دارایی کردوویەتی بەئیعتبارکردنی نرخی دۆلارێك بە ( ١٠) دینار بۆ ئەوانەی مووچەی مانگانەیان بە دۆلار پێ دەدرێت هەلبوەشێتەوە و، نرخی رۆژانەی دۆلار لەبازار بەبەرچاوەوە بگیرێ.

شازدە : وەکو بنەمایەك بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە، کەپەیوەستن بە ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستانەوە باشتر وایە بە دیراسەت و لێکۆلینەوەی تێر و تەسەل و، بەراپرسی هەموو چین و توێژەکان ئەنجام بدرێت، نەك بەقسەی چەند کەسانێکی کەم شارەزا لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

بەهەر حال هەموو ئەو پێشنیازانەی لەو شازدە خالەدا کۆمکردوونەتەوە بەمەبەستی ئەوەیە، کە ئەو کارەی کراوە بۆ بڕینی رێژەی ( ٣٠ ٪) لە پارەو مووچەی فەرمانبەران هەلبوەشێتەوە و ئەنجام نەدرێت، بەلکو هەولی ئەوە بدرێت ئەوانەی سەرەوە جێگەی ئەو پارە کەمکردنەوەیە بگرێتەوە. چونکە فەرمانبەران کەم دەرامەترین توێژی کۆمەلەکەمانن، کە دەبوو لە سایەی حکومەتی هەرێم زۆر پێش ئێستا مووچەیان زێدە بکرابوایە نەك کەم بکرایەتەوە.

لەگەل رێزمدا ......

هەقبێژێك

هەولێر ١٨ /١ / ٢٠٠٣

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەل بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەل رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣